# دادگایی سەدام حوسەین و ئەگەرەکانی

دلێر محەمەد عەلی/ دانیمارك



ئایا بۆ دادگایی سەدام نەبرایە دادگایەکی نێودەوڵەتی لەوڵاتێکی بێ لایەن، وەك دادگای نۆرنبێرگ لەسەر هۆلۆکۆست، یان دادگاییکردنی تاوانبارانی ژینۆسایدی توتسیەکان لەشەڕی ناوخۆی رواند، یان دادگای لاهای بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی شەڕی ناوخۆی یوگسلافیای کۆن؟.

بردنی دادگاییکردنی هەر تاوانێك بۆ وڵاتێکی سێهەم، مانای بڕیاردانە لەسەر دەرککردنی ئەو کێشەیە لە قەوارەی کێشەیەکی یاسایی ناوخۆ بۆ کێشەیەکی ناوچەیی یان نێودەوڵەتی، لەو دادگاییانەشدا یاسای نێودەوڵەتی باڵادەست دەبێت بەسەر دادگاییەکەدا، بەپێچەوانەی دادگای ناوخۆی ئەو وڵاتە کە پێوەرەکانی یاسای نیشتمانی تێیدا بڕیاردەر دەبێت، هەروەها گواستنەوەی دادگایەك بۆ شوێنێکی تر لەبڕیاری یاسایی دەردەچێت و تێهەڵکێشی بڕیار و مامەڵەی سیاسی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێت و بەرژەوەندی زلهێزەکان ڕۆڵی کاریگەری خۆیان دەبێت لەسەر بڕیارەکان.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی سەرەوە بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەم:

١- دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوان و پێشێلکردنی یاسای نیشتمانی ئەو وڵاتە دەبەسرێت، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتێك، کە ئەویش بە سزادانی تاوانباران کۆتایی پێدێت و وەك ئەنجامێك تەواو دەبێت، بەڵام دادگای نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی بڕیاردەر دەبێت، پێوەرەکانی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان دەستی باڵای دەبێت بەسەر شێوازی بەڕێوەبردن و بڕیاردان، ئەنجامەکانی دادگای نێودەوڵەتی بێجگە لەبڕیاری یاسایی، بڕیاری سیاسیشی تێدا دەدرێ.

٢- دادگای نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی یاسایی دەبێت لەنێوان تاك و توێژەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، بەڵام دادگای نێودەوڵەتی بۆ کێشەی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی، کێشەی نێوان دوو نەتەوە یان زیاتر کە بواری پێکەوە ژیانیان، قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری لێ کەوتوەتەوە، بۆ بڕیاردان لەسەریان بەپێی یاسا و پێوەرەکانی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکاندا.

٣- لەدادگای ناوخۆ یان نیشتمانیدا بوار نادرێت بەبڕیاری چارەنووسساز بەتایبەت لەکێشەکانی وەك کیمیاباران و ئەنفال و بەعەرەبکردن و سڕینەوەی ناسنامە و ڕاگواستنەوەی زۆرەملێ، تاوانە بەکۆمەڵکوژەکانی تری وەکو پرۆسەی جینۆسایدو پاکتاوی نەتەوەیەك، بەڵکو هەوڵ دەدات ئەو تاوانانە بخاتە ئەستۆی کەس و تاقم، دورخستنەوەی سیستەم و دەوڵەت لەبەرپرسیارێتی، بەڵام لەدادگای نێودەوڵەتیدا بەرپرسیارێتی ڕووبەڕووی بەرپرس و سیستەم دەکرێتەوە و سزا بەسەر وڵاتەکاندا دەدرێت.

٤- بەربڵاوی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی عەرەبی و نێودەوڵەتی لەو تاوانانەی ئەنجامدراون بەرامبەر بەگەلی کورد لەباشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەلایەن دەوڵەتی ئێراقەوە، کە دادگایەکی نێودەڵەتی ئەگەری تاوانبارکردنی ئەو دەوڵەتانەی تێدا دەبێت و مەترسی کێشەیەکی سیاسی لێ دەکەوێتەوە، هەندێ لەو دەوڵەتانە کە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لەو گۆڕانکاریانەی رووی داوە لەئێراق و ناوچەکەدا.

٥- بەرژەوەندی داگیرکەرانی کوردستان و دورگەی عەرەبی کە ئەگەری ڕاکێشانیان بەرەو ئەو دادگا نێودەوڵەتیەو بەسزادانیان، بەڵام لەدادگایەکی ناوخۆ ئەو ئەگەرە دوور دەکەوێتەوە.

ئەو ڕژێمانەی لەسەرەتای دروستبوونی ئێراقەوە حکومڕانیان کردووە، هەوڵی بێ وچانیان داوە بۆ سەپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی عەرەبی بەسەر ئێراقدا، بە هەموو شێوازێکی دڕندانە و نامرۆڤایەتیانە هەڵسوکەوتیان بەرامبەر گەلی کورد کردووە، ئەو پرۆسەیە بەپێی تواناو هەل و مەرجی ناوخۆو نێودەوڵەتی ئەو ڕژێمانە کاری پێکراوە، ڕژێمی بەعس دڕندەترین شێوازی بەکارهێنا ئەویش بەپێی ئەو هەل و مەرجانەی کە هەیبوو، ئەوەش لەبەر دەسکەوتنی دارایەکی بەهێز لەڕێی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و پابەندی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوا بەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە ئێراق یەکێکە لەوان، هەر ئەوەش بوو کە ئێراق بوو بەیەکێك لەیاوەرە دڵسۆزو سەرەکیەکانی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان، بەتایبەت ئەمەریکاو بەریتانیاو فەرەنساو یەکیەتی سۆڤیەت و لەدوایشدا ڕوسیا، هاوکاری سیاسی و تەکنۆلۆژی و سەربازی کراوە بۆ چەسپاندنی ڕژێمەکەی و بەکارهێنانی لەپێناو زاڵبوونی بەسەر ناوچەکەدا، هاوکاریکردنیان لەئێراق لەشەڕی ٨ ساڵەی ئێران، ئێراق باشترین نموونەیە بۆ ئەو جۆرە هاوکاریە، ئێراق یەکێك بوو لەکڕیارە سەرەکیەکانی هەموو جۆرە کەرەسەو ئامێرێك لەو وڵاتانە. ئەو بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریە بوو بەهۆکاری چاوپۆشیکردنی زلهێزان لەو تاوانانەی کە ڕژێم ئەنجامی داوە بە بەرپاکردنی پاکتاوی نەژادی دژ بەگەلی کورد، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەئێراقدا. ئەمانە هەمووی مەترسی دەخاتە سەر ئەو وڵاتانە ئەگەر بێت و ئەو دادگاییە لەوڵاتێکی سێهەم ئەنجام بدرێ، لەبەر ئەوەی هیچ کام لەو وڵاتانە بێ بەرینین لەئەنجامدانی ئەو تاوانانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

خاڵێکی گرنگی تریش ئەوەیە کە بنەمای ئایدیۆلۆژی و پاڵپشتی دەروونی و پابەندبوونی نەتەوەیی عەرەبی و ئیسلامیە کە هەردووکیان دوو ڕووی یەك دراون لەخۆشکردنی زەمینەی لەبار بۆ شەرعیەت دان بەو تاوانانەی وەك ئەنفال و کۆیلەکردن و سڕینەوەی ناسنامە. واتە ئەو دادگاییە بێجگە لەوڵاتە زلهێزەکان ئێخەی وڵاتانی عەرەبی و کۆمەڵگەی ئیسلامی دەگرێتەوە هەر بەهەمان بەهاکانی ئیسلام کە بانگەوازی بۆ دەکات، هەڵبەتە بێدەنگی و هاوکاری وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان وەك تاوانباری یاسایی و ئایینیش دەردەکەون.

لەمانە بۆمان دەردەکەوێت لەدادگایەکی ناوخۆدا بوار زیاترە بۆ داپۆشینی تاوانەکانی زلهێزانی جیهانی و هاوکاری وڵاتە عەرەبیەکان و بێ ئیمانی موسڵمانەکان لەبێدەنگیان بەرامبەر بەو تاوانانە و لەکۆتاییشدا ئاسانتر بەرژەوەندیەکانیان دەپارێزرێت، بەڵام لەدادگایەکی نێو دەوڵەتیدا پێچەوانەی ئەو شتانە دەردەکەوێت، بەپێی پێوەرەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەسەلمێنرێت کە گەلی کورد لەهەموو لایەکەوە دووچاری قڕکردن بووەو ئەگەری بەردەوامبوونی هەیەو پێویستە قەوارەیەکی سیاسی بۆ دەسنیشان بکرێت و ئەو زلهێزانەش بەرپرس دەبن لەپاراستنی ئەو قەوارەیەو قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانە ماددی و مەعنەویانەی لێی کەوتووە. هەروەها دروستبوونی قەوارەیەکی لەو جۆرە مانای لەدەستدانی پاڵپشتێکی ماددی بۆ وڵاتە عەرەبە هەژارەکان و تاوانبارکردنی چەند وڵاتێکی دیکەی عەرەب بەتاوانی کۆیلەکردن وەك میسرو وڵاتانی کەنداو، ئەمانەش ئەگەری ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆریانە دێنێتە کایەوە کە ئاکامەکانی لەبەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکەو جیهان نابێت.

ئایا دەکرێ دادگای بەغداد وەك دادگاییەکی نێودەوڵەتی بژمێردرێت لەبەر بەشداریبوون و دەستێوەردانی هێز و لایەن و پارێزەری دەرەوەی ئێراق لەدادگاییەکەدا؟

لەبەشی دووەمدا ئاماژەم بەوە دا کە دادگایەك لەوڵاتی سێهەم ببەسرێت مۆرکی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە دەبینێت، بەپێچەوانەش کە دادگایەك لەناوخۆی وڵاتێك دابنرێت بۆ کێشەیەکی تایبەت یاسای ئەو وڵاتە دەبێت بەپێوەری بڕیار و شێوازی چارەسەرکردن. دادگایی سەدام حوسەین و داروودەستەکەی حاڵەتێکە لەنێوان هەردوو لا، هەڵبەتە وەك بانگەواز کراوە کە ئەو دادگاییە لەژێر دەسەڵاتی ئێراقی و بەپێوەری یاسای تاوانی ئێراقی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ، ئەوەش دەردەکەوێت کە لەپێکهاتەی دادگاکەو لەدادوەری باڵا و یاریدەدەر و دەستەی تۆمەتبارکردن و لێکۆڵینەوەدا کە هەموویان ئێراقین و لەسەر خاکی ئێراقیش و لەژێر ئاڵاکەیدا دەبەسرێت و بەزمانی عەرەبیش هەموو گفتوگۆکان ئەنجام دەدرێن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە مۆرکی نێودەوڵەتی بەخۆوە دەگرێت لەبەر ئەوەی ئێراق خاوەن سەروەری نیە، وردەکاری یاسای نوێی تاوانەکان ناتوانێت جێگیر بێت بۆ تاوانەکانی ئەو دادگاییە، تاوانەکان پەیوەندی بەکۆمەڵکوژی و پاکتاوی رەگەزیەوە هەیە کە یاسای نێودەوڵەتی پێوەری پاراستنی و سزادانی تاوانبارانی دارشتووە، هەروەها سکاڵانامەی وڵاتانی دیکەی وەك ئێران لەو تاوانبارانە ئاماژە بە بەزاندنی سنووری ناوخۆیی و تاوتوێکردنی ئەو تۆمەتانە دەدات، بێجگە لەوانەش پارێزەری دەرەوەی ئێراق (ئوردنی، قەتەری، ئەمەریکی) بەشدارییان تێدا کردووە وەك (لەتاوانەکانی دوجێل). لەو دادگاییەدا هەموو دژەکان و بەرژەوەندیدارە ناوخۆیی و دەرەکیەکان هەموو شێوازێکی گوشاری گونجاویان دەخەنە گەڕ بۆ ڕاکێشانی سەنگی دادگاو دوا بڕیارەکانی بەلای خۆیدا، لایەنی کوردیش بەشێکی گرنگە لەو هاوکێشەیەدا. لەبەر ئەوەی تاوانەکان بەرامبەر بەکورد ئەنجام دراون و کورد لەناوەندی دەسەڵاتی ئێراقیدا سەنگی هەیەو ململانێی سیاسی و یاسایی دژواری لەپێشدایە لەناوخۆی باشووری کوردستان و ئێراقدا بەپێی ئەو ڕوونکردنەوە کورتە کە چوارچێوەی تێگەیشتنی منە لەسەر ئەو پرسە، دەردەکەوێت کە فاکتەرو پابەندەکانی ئەو دادگاییە بارێکی لاستیکی بەخۆوە دەبینێت و گوشارو مامەڵەی سیاسی دەرەوەی دادگاکە ڕۆڵی کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردن و سەرچاوەی یاسایی ئەنجام و بڕیارەکاندا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەرئەنجامەکانی ئەو دادگایە بە قازانجی ئەو لایەنەدا دەشکێتەوە کە دەتوانێت سەنگی ئەو تەرازووە بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە.

# کەرکوك ساڵێکی تر ئەم کاتە

وهاب شاه محەمەد- سوید

ساڵ کۆتای دوو هەزاروو حەوتەو زۆربەی بەندەکانی مادەی ١٤٠ جێبەجێکراوە. هەندێ ژمارە هەن وەك ژمارەی ٥٨ ئەوەندە شوومن و بێشانسێکی زۆریان بەدواوەیە بۆیە پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ئەم مادەیە هەموو لایەنەکان ناچاربوون بیگۆڕین بەمادەی ژمارە ١٤٨. پەیوەندی مێژوویی و ستراتیجی نێوان کوردو هێزە شیعەکان ئەوەندە بەهێزە نەکرا بکرێتە قوربانی ژمارەیەکی شوومی وەك ٥٨. ئێستا هەموو عەرەبە هاوردەکان چوونەتەوە جێی خۆیان و ئاوارەکانیش کە زۆربەی زۆریان کوردن گەڕاونەتەوە سەر جێ و شوێنیان. هەموو کارمەندە کوردەکانی پێشووی ئەم شارە کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەرکرابوون، گەڕاونەتەوە سەر کاری خۆیان و منداڵانیشیان بەزمانی کوردی خوێندنگەی پێویستیان بۆ کراوەتەوە. هەموو ئەو خانوو زەویانەی لەکوردەکان زەوت کرابوو دراوەتەوە بەخاوەنەکانی خۆیان و ناوی هەموو ناوچەو دامودەزگاکانی ئەم شارە کراوەتەوە بەکوردی، ئەگەرچی ئێستاش میدیاکانی کوردی، (کەناڵە ئاسمانیەکان) هەر بەناوە عەرەبێکەوە دەیخوێننەوە.

هەموو ئەو کارمەندانەی کە لەبەر تەماحی پارەو زەوتکردنی خاکی کوردان، بەبوورن بەزەبری چەك و سیاسەتی تەعریب هاتبوونە ئەم شارەو لەدامودەزگا جیاوازەکانی دامەزرابوون گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان و خانوو و ئیشیان لەشارەکانی خۆیان بۆ دابینکراوە، چونکە بێ ئەم کارە هیچ کام لەو هاوردانە ئامادەنین بگەڕێنەوە ئەگەر بێتوو ئەوەیان بۆ جێبەجێ نەکرێت. دابینکردنی هەموو ئەو قوتابخانانەی کە بوودجەو پلانێکی بەربڵاوی پێویستە بۆ گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان لەلایەن حکومەتی مالکیەوە ئەنجامدراوە. گەڕانەوەی هەموو ئەو ناوچە دابڕاوانەی شاری کەرکوك کە بەزۆر خراونەتە سەر ناوچە عەرەبیەکان تەواوبووەو ڕێژەی کورد لەکەرکوك وەك ساڵانی پێش دەسەڵاتی بەعسی لێهاتووە. حکومەتی مالکی لەماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا توانی هەموو ئەو کێشانەی ناو عێراق چارەسەر بکات کە ڕێگر بوون لەئەنجامدانی مادەی ١٤٨. ئەمڕۆ دامودەزگاکانی ئاسایش و سوپای عێراق ئەوەندە بەهێزن کەس ناتوانێت وەکو جاران میلیشیای بڕژێنێتە سەر جادەکان و بەڕاست و چەپ خەڵکی بکوژن. هەر ئەو میلیشیایانە خزاونەتە ناو دامودەزگاکانی ئەمنی و سوپای عێراق، هەر هەمووشیان خەریکی خزمەتگوزاری و پاراستنی ڕەوشی ئەمنین لەعێراق. ئەمڕۆ پاش زیاتر لەساڵێك لەدامەزراندنی حکومەتی عێراقی کۆڕو سیمیناری جۆراوجۆر لەلایەن هێزە سیاسیەکانی عەرەبیەوە بەڕێوەدەچێت بۆ وشیارکردنەوەو تێگەیشتن لەمادەی ١٤٨ و ئەو هەموو زوڵمانەی بەسەر کورد هاتوون.

شاری کەرکوك کە وێرانە، بەبوورن کە ئاوەدانکراوەتەوە، خەڵکەکەی خۆیان زۆر بەشەمەزار دەزانن بەرامبەر هەموو ئەو خزمەتگوزاری و پرۆژانەی ڕۆژانە لەلایەن حکومەتی بەغداو دەسەڵاتدارانی کوردەوە ئەنجامدەدرێت. ناکرێت شارێکی وەك کەرکوك هەموو ئەو پرۆژانەی تیا ئەنجامبدرێت لەکاتێکدا شارەکانی تری کوردستان لەو هەموو خزمەتگوزاری و ئاوەدانییە بێبەشبکرێن. کەرکوك کە پێش هەموو شتێك کوردستانیە ئەوجا عێراقی لەبەر دەوڵەمەندی ئەو نەوتە زۆرەی، پێویستە ئاوڕێك لەشارەکانی تری کوردستان بداتەوەو هەندێ لەو پارەوپوولەی ئەو نەوتە بۆ ناوچەکانی تری وڵاتەکەمان خەرج بکرێت.

بەهۆی لێهاتوویی و پسپۆڕی لێپرسراوانی دامودەزگاکانی ئاسایش لەکەرکوك هیچ کام لەپاشماوەکانی بەعس و گروپە تیرۆریستیەکان ناوێرن وەکو جاران هەر ڕۆژەو ئۆتۆمۆبیلێکی مینرێژکراو بتەقێننەوە یان خەڵکانێکی بیگوناه کە زۆربەیان کوردن تیرۆربکەن. دامودەزگا ئامنیەکانی کەرکوك بەجۆرێك تواناو هێزیان پەیداکردووە کە پیاو بەبێ هیچ ترسێك دەتوانێت تاکو بەیانی شەو لەدەرەوەی ماڵ بباتە سەر. ئەمڕۆ بەهۆی لێهاتوویی و هەموو ئەو پسپۆڕی و شارەزایەی دامودەزگاکانی ئاسایش هەیانە لەکەرکوك خەڵکی بەبێ هیچ ترسێك ژن و منداڵی خۆیان ڕەوانەی بازارەکان بکەن. ئەو هەموو کارە تیرۆریستیانەی ڕۆژانە لەم شارە ئەنجام دەدرا، بنبڕ کراوەو هیچ لایەنێکی تر ناتوانێت هەڕەشە بۆ خەڵکی دروست بکات.

لێپرسراوانی هێزە کوردستانیەکانی کەرکوك کە داوای حیزبایەتی، بەبوورن کوردایەتی لەخەڵکی ئەم شارە دەکەن وە هەموو کارەکانیان لەپێناو بەرژەوەندیە گشتیەکانی خەڵکی کوردە نەك تاکایەتی هەر لەڕۆژی ڕووخانی بەعسەوە تاکو ئێستا بێ هیچ جیاوازیەك لەبۆچوون و لایەنگری حیزبایەتی خەریکی خزمەتگوزارین بۆ خەڵکی ئەم شارە، ڕۆژانە سەدەها لەو ئاوارانەیان لەدامودەزگاکانی شاری کەرکوك دامەزراندووە. کۆمپانیای نەوتی کەرکوك، کە ژمارەی کارمەندو کرێکارەکانی ٥٠٠٠ کەسی عەرەبی هاوردە بوو، ئەمڕۆ زۆربەی زۆری کوردن و لایەنە سیاسیەکانی هاوپەیمانی کۆنی کورد بەپێچەوانەی بەعسیەکان کارمەندو کرێکاری عەرەب ڕەوانەی دامودەزگاکانی ئەم شارە ناکەن. پەرلەمانتارانی کورد لەبەغدا لەڕێگەی پۆست و کارەکانیانەوە بەهیچ جۆرێك ڕێگە بەو لایەن و کەسانە نادەن کە کار بۆ بەردەوامی پرۆسەی تەعریب دەکەن. ڕۆژ نییە لەمیدیاکانی کوردی و عێراقیەوە گوێمان لەنوێنەرانی کورد نەبێت لەبەغدا کە داوای پرۆژەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری نەکەن بۆ خەڵکی کەرکوك.

باس لەساڵی ٢٠٠٧ دەکەین نەك ئێستا چونکە باری ناوخۆی عێراق زۆر ئارامەو هەموو ئەو بەرەڵاییە ئابووری و ئەمنیەی ئەم وڵاتەی گرتبووەوە چارەسەرکراوە. گەندەڵی کە ببووە کارێکی ڕۆژانەی دامودەزگاکانی عێراق و هەرچی پارەوپوولی ئەم وڵاتە هەیە دەخزایە گیرفانە نادیارەکان، بنبڕکراوە. تەبابیەکی زۆر لەنێوان پێکهاتەکانی خەڵکی ناو عێراق پەیدابووەو خەڵکی سوێند بەیەکتر دەخۆن. تەبایی و هاوکاریەکی زۆر لەنێوان هێزە سیاسیەکانی ناو عێراق هەیەو وەکو پار هەڕەشەو گومان لەیەك ناکەن و گورگو مەڕیش پێکەوە ئاو دەخۆنەوە. هەموو سنوورەکانی کوردستان پارێزراوە دژ بەگروپە تیرۆریستەکان و پاشماوەکانی بەعس. ڕێگەش لەهەموو ئەو کەسانە گیراوە کە بەرۆژ خۆیان بەدۆستی کورد دەزانی و بەشەو دوژمنی بوون.

باری ئەمنی بە جۆرێك گۆڕاوە کە ئیتر کەس ترسی ئەوەی نەماوە وەکو جاران ڕوو لەمەیتخانەکانی کەرکوك بکات بۆ هێنانەوەی تەرمی ئازیزەکانیان کە زۆربەیان کورد بوون. ڕەوشی ئەمنی کەرکوك کە ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەخراپی و ترسناکی دەکات، بەبوورن کە زۆر بەرەو باشی دەڕوات، ئەمڕۆ هیچ کام لەئاوارە گەڕاوەکانی کورد وەکو پارساڵ پەنجەی خۆیان ناگەزن و پەشیمان نین لەگەڕانەوەیان بۆ ئەم شارە. ئەمڕۆ ئەو ئاوارانە وەکو جاران لەئۆردوگا جۆراوجۆرەکانی کەرکوك ناژیێن کە کەسێك نەبوو دەستێکی یارمەتیان بۆ درێژ بکات یان ئاوڕێکیان لێبداتەوە. هەموو ئەو پەلاماردانانەی کە ڕۆژانە لەلایەن پاشماوەکانی بەعس، گروپە بەناو ئیسلامیەکان، میلیشیا جۆراوجۆرەکانی نەناسراوی لایەنی سیاسی، غەیرە سیاسیەکان وە هەموو وڵاتانی دراوسێی عێراق کە بەهیچ جۆرێك ئامادەنین، بەبوورن ئامادە نەبوون پرۆسە ئەمەریکییەکە لەناوچەکە سەربگرێت، بنبڕکراوە.

هەموو هێزە سیاسیەکانی بەناو ئیسلام و ناسیۆنالیستی توندڕەو پاشان هەموو وڵاتانی دراوسێ، دوژمنی مێژووی کورد، بەبوورن دۆستی کورد بۆچوون و ئەقڵیەتیان گۆڕاوەو دان بەکوردستانیەتی کەرکوك دەنێن و هەموو سیاسەتەکانی بەعس بە ناڕەواو زوڵم ناو دەبەن کە دژ بەخەڵکی کورد دەکرا. ئەمڕۆ کەرکوك بە جۆرێك گۆڕاوە کەئێمەی کورد پێش ئەوەی کارێك بۆ خەڵکی خۆمان ئەنجام بدەین بیر لەپێویستی و خزمەتگوزاری پێکهاتەکانی تری ئەم شارە دەکەین، نەوەك لایەنەکانی تر لەپاشەڕۆژ دژ بەئێمە بەکاریان بهێنن. ئێمەی کورد کە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیمان کردۆتە خاڵێکی گرنگی خەباتمان بیر لەمافی پێکهاتەکانی تری کەرکوك دەکەینەوە، پێش ئاوەدانکردنەوەێك لەخەڵکی خۆمان.

بەهەرحاڵ قسە ئەوەندە زۆرە لەسەر هەموو ئەو ڕووداو و گۆڕانکاریانەی ساڵی ڕابردوو کە بڕوا ناکەم حەزرەتی فیلیش بیتوانیایە هەموو ئەو کارانە لەماوەیەکی وا کورت ئەنجام بدات و ئاسەواری هەموو ئەو سیاسەتە بۆگەنانەی ٨٠ ساڵی ڕابردوو سڕاوەتەوە. کەرکوك ئەمڕۆ زۆر جیاوازە لەگەڵ پار و هەموو ئەو کێشانەی ٣٥ ساڵی بەعسمان لەماوەی یەك ساڵ چارەسەرکرد، بەڵام دەبێت پیاو پێش هەموو سوپاسگوزارێك بۆ پەیوەندیداران شوکری خوا بکات کە ئەو ژمارەی بۆ ئاسایکردنەوەی ڕەوشی کەرکوك هەڵبژێردرا، ١٤٨ بوو نەك ژمارەیەکی تر، ئەگینا ئێستاش پرۆسەی تەعریب هەر بەردەوام دەبوو، کێشەکانیش وەك خۆی دەمایەوە. لەخوا بەزیادبێت کە سیمای کوردستانی بۆ شاری کەرکوك گەڕاوەتەوەو هەموو ئاسەواری پرۆسەی تەعریبی بەعسیەکان و ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی بەناو ئیسلامی کە خواستیاری بەردەوامی ئەو پرۆسە بۆگەنە بوون نەماوەو کەرکوکیش وەك شارەکانی تری کوردستان گەڕاوەتەوە باوەشی نیشتمان.

# نەتەوەیەکگرتووەکان: دیاریکردنی دوا مۆڵەت بۆ ئێران

نووسینی: ویلیام برانیگین william Branigin وەرگێڕان لەئینگلیسییەوە: قاسم رەیانی



شوڕای ئاسایشی نەتوەیەکگرتووەکان، ئەمڕۆ بڕیارنامەیەکی پەسندکرد کە هەتا ڕێککەوتی ٣١ی مانگی ئەگۆست (ئوت) بە ئێران مۆڵەت دەدا کە پیتاندنی ئۆرانیۆن، چالاکییەکانی بەرهەمهێنانەوەی دووبارەی سووتەمەنیی ئەتۆمی خۆی ڕابوەستێنێ دەنا لەگەڵ ئەگەری ئابلۆقەی ئابووری ڕووبەڕوو دەبنەوە.

ئەو بڕیارنامە کە بەژمارە ١٤ دەنگی لەگەڵ و یەك بەدژ پەسندکرا، لەهەڕەشەی ئابلۆقەی دەستبەجێی ئەمەریکاو هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی لاوازتر بوو، بەڵام ئەوە بۆ یەکەمجار نیشاندەدا کە شوڕای ئاسایش بەبیرۆکەی هەڕەشەکردنی ئابلۆقە لەئاست بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بەگوێرەی قانوونی داوا لەئێران دەکا. تاکە دەنگێکی دژی ئەو بڕیارنامەیە وڵاتی قەتەر بوو، شێخ نشینێکی کە لەوبەری کەنداوی فارس و ئێران هەڵکەوتووەو نوێنەرایەتی وڵاتانی عەرەب لەشوڕای ئاسایش دەکا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئاژانسەکانی هەواڵنێری، ڕووسیاو چین لەبەرامبەر ڕەشنووسی ئامادەکراوی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیدا، پێیان لەسەر دەقێکی نەرمتری بڕیارنامە داگرتبوو. ئاکامەکە ئەوەیە کە باس و لێدوانەکانی شوڕای ئاسایش زیاتر حیسابی لەسەر دەکردرێ، پێش ئەوەی کەسێك بتوانێ مەبەستی ئابلۆقەدان داسەپێنێ.

بڕیارنامەکە لەئێران داوا دەکا کە "هەموو چالاکییەکانی ئاست پیتاندنی ئۆرانیۆم و بەرهەمهێنانەوەی دووبارەی سووتەمەنیی ئەتۆمی ڕاگرێ، بە توێژینەوەو گەشەپێدانیشەوە". ئەگەر هاتوو ئێران هەتا ٣١ی مانگی ئەگۆست ملکەچ نەبێ، ئەوە شوڕای ئاسایش بیر لەهەنگاو هەڵێنانەوەی دەکاتەوە بۆ "ڕەچاوکردنی چارەسەری ئابلۆقە لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکاندا. ئەو بڕیارنامە ئەوە ڕەچاو دەکا کە ڕێگە بەسزادانی ئابووری و دیپلۆماتیکێك بدا کە لەپێوەندی لەگەڵ هەڕەشەکردن لەئاست ئاشتی نێونەتەوەیی دایە.

نوێنەری ئێران لە نەتەوەیەکگرتووەکان جەوادی زەریف، دەستبەجێ ئەو بڕیارنامەیەی ڕەتکردەوەو کوتی، ئەوە هیچ بنچینەیەکی قانوونی نییە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵنێری ڕۆیتر، زەریف بەشوڕای ئاسایشی کوتووە: بەرنامەی ئەتۆمیی ئاشتیخوازانەی ئێران هیچ هەڕەشەیەك لەئاشتی و ئاسایشی جیهانی ناکاو بۆیە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو پرسە لەشوڕای ئاسایشدا نەهەقەو خاوەن هیچ بنچینەیەکی قانوونی یان سوودی بەکردەوە نییە.

سەرۆککۆماری ئێران مەحمودی ئەحمەدی نژاد، دوێنێ بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆیتر کوتویەتی کە بڕیارنامەیەکی ئاوا ناسەلمێندرێ، ئێران هەقی خۆیەتی کە " لەتەکنۆلۆژیی ئاشتیخوازانەی ئەتۆمی سوود وەرگرێ".

ئێران ڕایگەیاندبوو کە لە٢٢ ی ئەگوستدا وەڵامی بەستەی پێشنیاری ئەمەریکاو هاوپەیمانە ئۆرووپاییەکانی دەداتەوە. شوڕای ئاسایش بڕیاریدا چاوەنواڕی وەڵامی ئێران نەمێنێتەوەو بە پەسندکردنی بڕیارنامەی ئەمڕۆ بەپیلی مەسەلەکەوە بچێت.

نوێنەری ئەمەریکا لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان جان بۆڵتۆن، ئەمڕۆ بەشوڕای ئاسایشی ڕاگەیاند کە ئێران لەماوەی سێ ساڵان لەبەجێگەیاندنی داواکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، شکستیخواردووە.

نوێنەری قەتەر لەنەتەوەیەکگرتووەکان ناسر ئەلناسر، لەئاست شیکردنەوەی بەدژ دەنگدانەکەی کوتی: دەبێ ماوەیەکی زیاتر بۆ وەڵامدانەوە بەئێران بدرێ و ئەو بڕیارنامەیە گرژی لەناوچەکەدا دەوروژێنێ، بەڵام ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە دەنگدانەکەی هەروەها ڕەنگدانەوەی دەربڕینی ناڕەزایەتی سەبارەت بەشەڕی نزیك بەسێ هەفتەی سەرسنووری ئیسرائیل و لوبنانە.

ناسر کوتی: ئێمە لەگەڵ هێنانەگۆڕی ئەو بڕیارنامەیە نین، لەکاتێکدا ناوچەکەمان لەناو بڵێسەی ئاگردایە. ئێمە هیچ هەڵەیەك لەوەدا نابینین کە چەند ڕۆژێك چاوەنواڕ بمێنینەوە کە هەموو لایەنەکانی مەبەستەکە لێدوانی لەسەر بکردرێ، مەبەستەکانی ڕاستەقینەی ئێران دەستنیشان بکردرێ.

٣١-٧-٢٠٠٦

Ghasem98@hotmail.com

سەرچاوە: www.kurdistanpress.com